# حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و چەتری سەربازی ئەمریکا

رابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەردەوام لە بەڵاوکراوەکانی خۆیان و لایەنەکانی دیکەوە سەبارەت بە ڕووداوەکانی جهان دیدوبۆچوونی خۆیان باس ئەکەن. بەداخەوە لێکدانەوەکانیان لەگەڵ ڕەوتی ژیانی سیاسی حیزبەکەیاندا زۆر جیاوازە. با لە پێشدا لە کورتە پێناسەیەکی ئەو حیزبە ئاگادار بین.



دەستوورێکی گرنگ لە ژیاندا هەیە، ئەو دەستوورەش ڕێزدانانە بۆ **ناو.** ناو سەرەتایترین مافی هەر گیاندار و بێگیانێکە بەگشتی و مرۆڤیش بەتایبەتی. ئەگەر ئەو دەستوورە پەیڕەو نەکەی دیدوبۆچوونەکانت دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئەگەر لەپێناو ئەو دەستوورەدا نەبێ، ئاماژە کردن بەناوی **حیزبی کۆمۆنیستی ئێران** وەک حیزبێک، هەڵەیەکی سیاسییە! بەڵگەیش بۆ ئەو باسە دیدوبۆچوونی ئەو کەسانەیە کە ئەو حیزبەیان دامەزراند، هەروەها کارنامەی خودی حیزب. لە ساڵی 1982 دا ئەم حیزبە وەک حیزبی پێشڕەوی چینی کرێکاری ئێران لە گوندی مێشکەپەی سەردەشت لە لایەن **رابەران – ئەندامان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران** و چەن ڕێکخراوە بە ناوەکانی **ئیتحاد مبارزان کۆمۆنیست – پەیکار – چریکی فیدای خەڵک** دامەزرا. حیزبێک کە خۆی بە پێشڕەوی چینی کرێکار بزانێت پێویستە لەناو کرێکاران، لەپەنای کارخانە و شارە کرێکارییەکاندا بژی و چالاکی بکات، بەداخەوە ئەم حیزبە بۆ ڕۆژێکیش نەتوانیوە ئەو دەورە بگێڕێت، بەس **ڕێکخراوەی کوردستانی ئەو حیزبە – کۆمەڵە** لە شار و گوندەکانی کوردستاندا لە چالاکی سیاسی و پێشمەرگانەدا بوو. نەبوونی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک حیزبێکی سیاسی و تیئۆرییە بێ بنەماکانی زۆر زوو ڕەنگی دایەوە، تا ئەمرۆ سێ حیزبی کۆمۆنیست کرێکاری ئێران و کۆمەڵێک کۆمەڵەی لێ دروست بووە. هەڵگرسانی جەنگ لە نیوان ئێران و ئێراق وەک دوو داگیرکەری کوردستان و لەشکری کێشی ئەو دوو لایەنە بۆ بەرەکانی جەنگ بەگشتی و بەتایبەتی بۆ لە ناوبردنی شۆڕسی کوردستان، پرۆسەیەکی وەهای هێنایە پێشەوە کە هێزێکی سەربازی بەرفراوان ڕوو بکاتە کوردستان و شار و گوند، تەپۆڵکە و چیاکان بەتەواوی داگیرکرێت. لەم ڕەوتەدا حیزب و ڕێکخراوە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردستان - ئێران و ئێراق نەیانئتوانی لە ناوچەکەی خۆیاندا بژین و ڕوویان کردە ناوچەکانی ژێر کونترۆڵی دەوڵەتانی ئێران و ئێراق، ئەوەش بەپێی ڕێکەوتن لەگەڵ هەر کام لەو دەوڵەتانە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، یا دروستر بڵێم ڕێکخراوەی کوردستانی ئەو حیزبە لەو بەشەی کوردستان کە لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ئێراقدا دایە لە چەن شوێنی وەک **سەفرا و گەڵاڵە – مالومە** و **زرگوێز** لە ناوچەی سلێمانی نیشتەجێ بوو.

وەک ئەزانین جەنگی ئێران و ئێراق پاش هەشت ساڵ کۆتایی هات. پاشان دەوڵەتی ئێراق کوێتی داگیرکرد، پرۆسەی وەدەرنانی ئێراق لە کوێت بە هێزی سەربازی دەوڵەتانی هاوپەیمان، ڕاپەرینەکانی بەسرە و کوردستان، کۆڕەوە مێژوویەکە، دیاریکردنی ناوچەی 36 دەرجە، پێکهینانی پەرلەمان وەک نیمچە دەسەڵاتێکی سیاسی لەو بەشەی کوردستان تا ڕۆژی 18ی مارسی 2003 زنجیرە ڕووداوێکن.

پلانی وەلاتانی سەددام و هەڵتەکاندنی شیرازەی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی ئێراق، دروستکردنەوەی سەرلەنوێی دەوڵەتی ئێراق کە تا ئەمرۆ دەسەڵاتێکی لاواز و بێ هێزە، پلانێکە کە لە رۆژی 19 مارسی 2003 وە لەلایەن دەوڵەتانی ئەمریکا و بەریتانیاوە بەرێوە ئەبرێ.

سەبارەت بەو باردۆخەی ئێراق رابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران زۆر جار دیدوبۆچۆنی خۆیان بەیان کردووە. بەرێز ئیبراهیم عەلیزادە لە رابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئۆکتۆبری 2007 لە رادیۆی فارسی (هەمبەستەگی) لە ستۆکهۆڵم لە وتووێژێکی دوور و درێژدا سەبارەت بە پرۆسەی 19ی مارسی 2003 و رۆڵ و دەوری ئەمریکا بۆ ئێراق بەگشتی و ئەو ئەو بەشەی کوردستان بەتایبەتی، هەروەها دەور و رۆلی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراق و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بەو جۆرە ئەڵێن:

**{( برخلاف این به نظر من هدف خود حکومت محلی هست، برای اینکه از زیاده خواهیهایش در ضمینه امتیازات ملی که میخواهد به دست بیاورد، در ضمینه قدرت محلیش که خواهانش است از آنها جلو گیری بکنند و آمریکایها در واقع سکوتشان در این ضمینه یک پیغام پوشیده‌ای دارد، که آن پیغامش هم اینست که سر جای خودتان بنشیند و گرنه اگر من امنیتتان حفظ نکنم، امنیتتان حفظ نخواهد شد در مقابل این قدرتهای که تو منطقه هستنند، بنابراین به آن سهمی که برایتان در نظر گرفته شده رضایت بدهید، این هدفش است در واقع.) ~**

**به پێچەوانەوە، من پێموایە مەبەستیان حکومەتی هەرێمە، بۆ ئەوەی لە زیادەرەوییەکانی سەبارەت بە مەسەلەی میللی کە ئەیەوێ بەدەستی بێنێ و پەرەی پێبدات، پێش بگرن، لە راستیدا ئەمریکاییەکان بەو بێدەنگییەیان پەیامێکی نهێنی رائەگەینن، پەیامەکەش بەو جۆرەیە- لەسەر جێگەی خۆتان دانیشن، بەوەی کە پێتان دراوە رازی بن، ئەگەر ئێمە ئاسایشی ئێوە و دەسەڵاتەکەی ئێوە ئەپارێزین، دەسەڵاتدارنی ناوچەکە هێرش ئەکەن سەرتان و لەناوتان ئەبەن، کە وایە بەوەی کە پێتان دراوە رازی بن، لە راستیدا ئەوە مەبەستەکەیانە. )}.**

هەروەها لە بەشێکی کورتی ئەو وتووێژە کە لە ژمارە 239 و 240 گۆڤاری پێشرەو ئۆرگانی (رێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران- کۆمەڵە)دا – کە کردوویانە بە کوردی بەو جۆرە ئەڵێن: **ئەخزابی ناسیۆنالیستی کورد لە رووی تەسەور و تەوەهومی خۆیانەوە شەیدای سیاسەتەکانی ئەمریکا بوون ....**

بە وردبوونەوە لەو بۆچوونانەی بەرێز عەلیزادە دوو پرسیار دێتە ئاراوە:

1 - ئەوەی کە وەک رۆڵی ئەمریکا لە بەرانبەر هێرشی دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ سەر حکومەتی هەرێم کە بەرێز عەلیزادە ئاماژەی پێکردووە، راست و درستە! بەڵام سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران - بنکەی چاپەمەنی- رادیۆ- جێگەی ژیانی کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە واتە ئۆردووگا - رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی رێکخراوەی کوردستانی ئەو حیزبە، هەموویان وان لە زرگوێزی پەنای سلێمانی، **ئایا ئەوانە ناکەونە ژێر چەتری هێزەکانی ئەمریکاوە لە بەرانبەر هێرشی دەوڵەتی ئێران دا... ؟**

2 – هەموو کەس ئەوە ئەزانێت لە پاش رووخانی دەوڵەتی پێشووی ئێراق بە پێی پلانی 19 ی مانگی مارسی 2003 دەوڵەتێکی دیکە بە پێی سیاسەتی ئەمریکا لە ئێراق دا دامەزراوە، لەو بەشەی کوردستانیشدا ئەو حیزبە ناسیۆنالیستانە دەسەڵاتداران کە شەیدای سیاسەتەکانی ئەمریکان، **حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چۆناوچۆن پێوەندی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە تازەی ئێراق دامەزراندووە، هەروەها بەپێی کام ئیدئۆلۆژی لەژێر چەتری سەربازی ئەمریکا و لەژێر باڵی ئەو حیزبە ناسیۆنالیستانەدا ئەژین؟**

وێنە، لە ژمارە 239 و240 ی گۆڤاری پێشرەو- ئۆرگانی (رێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران- کۆمەڵە)وەرگیراوە.

سەعی سەقزی
qayshi@yahoo.com
2008/12/7